


Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: کتێبی ستایشەکان
نووسینی: ڕێبوار سیوەیلی
بابەت: وتاری فەلسەفی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەورەحمان
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٧٠٠ دانە
نرخ: ٢٥٠٠دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠١١
کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
Kteb@serdam.org
لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٦٠١) ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە (٥٧٨)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

نازاد بەرزنجی

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەڕۆک

پێشەکی	٧
ستایشی دایک	٩
ستایشی سرووشت	١٧
ستایشی گەردوون	٢٥
ستایشی ئاسمان	٣٧
ستایشی قسەکردن	٤٧
ستایشی خود	٥٧
ستایشی ئەویتر	٦٧
ستایشی دەوروبەر	٧٥
ستایشی نیشتیمان	٨٥
ستایشی زامداران	٩٥
ستایشی تێکشکان	١٠٥
ستایشی بەردەوامی	١١٧
ستایشی بوێریی	١٣١
ستایشەکان، بۆ؟	١٤٩

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

هەرچی بۆچوون و بیروڕایەک لەم کتێبەدا هەیە، لە دوو سەرچاوەوە سەرچاوەیان گرتووە: یەکەم ئەزموونی تایبەت و دووەم فەلسەفە. بۆیە دەکرێ کتێبەکە وەک بەرهەمێک تەماشا بکەین، کە دەیەوێ ڕوانگە و ئەزموونە تایبەتییەکانمان لەبەر ڕۆشنایی جۆرێ لە فەلسەفەی ژیاندا شییبکاتەوە، تا پتر تێبگەین کە چۆن هەموو بابەتێک دەتوانێ بابەتێک بێت بۆ توێژینەوە و لێخوردبوونەوەی فەلسەفیی و چۆنیش بتوانین ئەزموونە تایبەتییەکانی هەرکامێکمان وەک کۆمەڵە ئەزموونێک بخەینە ڕوو، کە بەهایەکی گەورەتریان هەیە بۆ ژیانی هاوبەش و شایانی ئەوەن لە مەودایەکی فراوانتری پەیوەندییە مرۆییەکاندا بەشداریان پێبکرێت.

لەبەر ئەوە، هەروەکچۆن لە کتێبی (فەنتازیای خواردن، ٢٠٠٦) دا، زۆرینەی هەرە زۆری بابەتەکان ئەو بابەتانەبوون کە لە مێژووی فەلسەفەدا و لەلای زۆرینەی فەیلەسووفەکان قسەیان لەبارەوە کراوە (وەک خۆشەویستی، هاورێیەتی، منداڵی، پیری و هیتر)، لەم کتێبەشدا ڕوانگەیەکی فەلسەفیانەی گشتی ئامادەیە، بەبێ ئەوەی کتێبەکە بیەوێت ببێتە ماڵ بەسەر ئاراستەیەک، یان قوتابخانە و بۆچوونێکی فەلسەفیی تایبەتەوە و بەبێ ئەوەی شێوازیی نووسینی فەلسەفیانە بەسەر شێوازیی بیرکردنەوە و نووسینی شیعریانەدا بالادەست بێت. بە مانایەکی تر، هەوڵی ئەم کتێبە بۆ ئەوە نییە بۆچوونە فەلسەفییەکان لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمیانەی ووشکدا

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بخاتە ڕوو، وەکئەوەی هەندێک لە فەیلەسووفە ئەکادیمییەکان و ئەو مامۆستا کلاسیکیانەی فەلسەفەیان بەسەر (مادییەت و میسالییەت) دا دابەشکردووە، هەوڵی بۆ دەدەن و فەلسەفە لە مەنهەجی ئەو بەش و سەرچاوانەدا کورتدەکەنەوە، کە بۆخۆیان لێیانەوە هاتوون. بەڵکو هەوڵی سەرەکیی ئەم کتێبە ئەوەیە کە فەلسەفە لە بۆتەیەکی گشتیتر و پوختەتر و ڕەوانتردا بخاتە کار بۆ ڕەواندنەوەی تەومژ لەسەر زۆرێک لەو ئەزموون و بابەتانەی کە وەک تاکەکەس، دووچاریان دەبین و بە ئاسانی ناتوانین لێیان تێبگەین. من لێرەدا تێگەیشتنی خۆم سەبارەت بە هەندێک لەو بابەت و ئەزموونانە خستوونەتە ڕوو، کە شایانی ئەوەن بەچاوێکی ترەوە لێیان بڕوانرێ، بەڵام بە شێوەیەکی شاعیرانە و هاوکات بە لێخوورد‌بوونەوەی فەلسەفییانە، ئەمەش هەم بۆ ئەوەی فەیلەسووف و مامۆستا قوتابخانەییەکانی فەلسەفەم کەمێ ناڕەحەت کردبێت و هەم بۆ ئەوەش بە نەوەی نوێ بڵێم سنوورێکی بنەبڕ و داخراو لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا نییە، وەک ئەوەی ئەهلی پسپۆڕانی فەلسەفە بانگەشەی بۆ دەکەن.

هیوادارم لەم کارەمدا نە مافی ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆم خواردبێ و نە قسەیەکیشم کردبێ زیان بە فەلسەفە بگەیەنێ. دوا بڕیاریش بۆ خوێنەری جیدیی بەجێدەهێڵم، کە هیوادارم کونجێکی هێمن بدۆزێتەوە و تیایدا بابەتەکان بە وردیی بخوێنێتەوە. ماوەتەوە بڵێم، زۆر سوپاسی هەفتەنامەی (ڕووبەر)، بەتایبەتیش کاک (سۆران عەزیز)ی ڕۆژنامەنووس و هاوکارانی دەکەم، کە هاندەریی سەرەکیم بوون بۆ نووسینی بەشەکانی ئەم کتێبە.

ڕێبوار س.

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library